فیلمی هەوابار/کلایمەت> پەیماننامەکانی هەوابار

زیاتر لە بیست ساڵە کە لە ژێر چەتری پەیماننامەی چوارچێوەی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر گۆڕانی ئاوهەوا (پەیماننامەی ئاوهەوای نەتەوە یەکگرتووەکان) گوفتوگۆ دەکرێت بۆ ئەوەی بگەن بە ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتی لەبارەی کەشوهەوا. لەم گفتوگۆیانە دا شێوازی دابەشکردنی ئەرکەکان هێشتا گرنگترین هۆکاری ناکۆکیە. هەریەک لە وڵاتەکان دەبێ سەدا چەند لە بڵاوکردنەوەی گازە گوڵخانەییەکان کەم بکاتەوە، و کێ دەبێ پارە بدات؟ لەم فیلمە دا، ئێمە سەیرێکی ژیانی ڕۆژانەی چالاکێکی بواری هەوابار، لان ماری نگویەن بێرگ (Lan Marie Nguyen Berg) دەکەین، و زانیاریی زیاتر وەردەگرین لەبارەی ڕێکەوتنامەکانی هەوابار، گفتوگۆکانی هەوابار، هەنگاوەکانی کەمکردنەوەی گازە بڵاوکراوەکان و ئەوەی کە گەنجان چۆن دەتوانن بەشداری بکەن.

ئەو ئەرکانەی کە دەبێ بەرلە سەیرکردنی فیلمەکە ئێوە تەماشای بکەن

1. لە ماوەی 100 ساڵی ڕابردوو دا مامناوەندی پلەی گەرمیی جیهان چۆن گۆڕا؟
2. لە هەمان ماوە دا چۆن کۆی بڵاوکردنەوەی CO_2 لە جیهان گۆڕاوە؟
3. ناوی لانیکەم پێنج وڵات ببە کە لە ئێستا دا زۆرترین CO_2 بڵاو دەکەنەوە؟
4. بە ڕای تۆ بۆچی ئەستەمە کە ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی لەسەر هەوابار بکرێت؟

ئەرکەکانی پەیوەست بە فیلمەکە

1. لە ڕیۆ، لە 1992، زۆربەی وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیماننامەی هاووهەوای نەتەوە یەکگرتووەکانیان واژۆ کرد. پاشان لە 1997 لە شاری کیۆتۆی ژاپۆن لەسەر پرۆتۆکۆلی کیۆتۆ ڕێکەوتن کرا. لە چەند ڕستە دا ناوەڕۆکی سەرەکیی ئەم دوو ڕێکەوتنامە باس بکە.
2. بۆچی واژۆنەکرانی پرۆتۆکۆلی کیۆتۆ لەلایەن ئەمریکاوە زیانێکی گەورە بوو؟
3. وڵاتانی گەشەکەر کە پرۆتۆکۆلی کیۆتۆیان واژۆ کردووە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەوڵەمەند ئەرکی کۆنکرێتی کەمتریان هەیە لە کەمکردنەوەی گازە گوڵخانەییەکان دا. هەندێ لەم وڵاتە گەشەکەرانە وەک چین و هیند، لەم ساڵانەی دوایی دا گەشەیەکی ئابووریی زۆریان کردووە و بڕێکی زۆر گازی CO_2یان دروست کردووە. بە ڕای تۆ بۆچی ئەستەمە ئەم وڵاتانە ڕازی بکەین کە ڕێکەوتنێکی نوێی هەوابار واژۆ بکەن؟
4. زۆرێک لە وڵاتانی هەژار ئاستێکی کەم لە گازە گوڵخانەییەکان بەرهەم دەهێنن، بەڵام گۆڕانەکانی ئاوهەوا بە سەختی لەسەر ئەوان کاریگەر بووە. ئەم وڵاتانە داوای چ شتێک لە کۆمەڵگای جیهانی دەکەن؟
5. نموونەیەک ناو ببە لە ئوو بڕیارە سیاسیانە کە لە وڵاتی نەرویژ دراون و دەتوانن بڵاوکردنەوەی گازە گوڵخانەییەکان کەم بکەنەوە.
6. نەرویژ چۆن توانیویە پابەند بێت بە ئەرکەکانی خۆی لە پرۆتۆکۆلی کیۆتۆ دا؟
7. گرنگترین دەرەنجامەکانی کۆبوونەوەی سەران لەبارەی ئاوهەوا کە لە 2012 لە شاری دەوهەی قەتر بەڕێوە چوو چی بوون؟
8. نموونەیەک ناو ببە لە ئەو گرفتە سەرەکیانە کە لەبەردەم گفتوگۆکان دا یە بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتی لەبارەی ئاوهەوا لە ساڵی 2015.

9. سێ هۆکار ناو ببە بۆ ئەوەی بگەین بەو باوەڕەی کە پێویستە گەنجان لە گفتوگۆکانی تایبەت بە هەوابار دا بەشداری بکەن.
10. داواکاری و ڕای خۆت دەربڕە سەبارەت بەوەی کە چ شتێک پێویستە بکرێت بۆ ئەوەی ڕێگە لە گەرمبوونی گۆی زەوی بگرین.

ئەرکە دژوارەکان

1. پرۆتۆکۆلی کیۆتۆ بە ئەو وڵاتانەی کە بڕیارە لە گازە گوڵخانەییەکانیان کەم بکەنەوە ڕێگە دەدات کە لە لەباتیی کەمکردنەوەی گازەکان لە وڵاتی خۆیان لە ڕێگەی دیکەوە ئەم کارە بکەن. ئەم ڕێکەوتنامە جیا لە هەنگاوە نیشتمانیەکان سێ میکانیزم دەخاتە بەردەست، و ئامانجی ئەوەیە کە بە تێچوویەکی کەمتر بگات بە هەواباری مەبەست. ئەم میکانیزمانە بریتین لە مامەڵەی پشکی گازە گوڵخانەییەکان، میکانیزمی گەشەکردنی خاوێن (CDM) و جێبەجێکردنی هاوبەش (JI).
   a) ئامانجی ئەم سێ میکانیزمە ڕوون بکەوە.
   b) هەندێ ڕەخنە لەم میکانیزمانە گیراون و ئیدعا دەکرێت کە کە ئاستی ئامانجەکان دا کارایيان نەبوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم ڕەخنانە ناو ببە.
2. بۆچی بۆ ئەمریکا ئەستەمە کە ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان لەبارەی هەوابار قەبووڵ بکات؟
3. وتەکانی خوارەوە هەڵبسەنگێنە و تێکستێکی کورت بنووسە کە بەرپرسیارەتیەکانی نەرویژ و چین لەبارەی بڵاوبوونەوەی گازە گوڵخانەییەکان ڕوون بکاتەوە.

«نەرویژ لەسەدێکی زۆر کەم لە کۆی گازە گوڵخانەییەکانی جیهان بەرهەم دەهێنێت! چین هەر هەفتە نزیکەی دوو هێزگەی بەردەخەڵووز دەکاتەوە؛ تەنها یەک دانە لەوان زیاتر لە کۆی هەموو ماڵەکانی نەرویژ هەوا پیس دەکات.» (FpU)

«سەرانەی بەرهەمهێنانی گازی گوڵخانەیی لە نەرویژ زیاتر لە چینە!» (Grønn Ungdom)